# هەواڵنامەی

www.yndk.com

28-3-2003

# شەوی رابردوو ژمارەیەکی زۆر سەربازی ئەمریکی و بەریتانی لەفڕۆکەخانەیبامەڕنێ و هەریرو عەینکاوە دابەزین



فڕۆکەخانەی هەریر

هەولێر -دهۆك ٢٠٠٣/٣/٢٧\ شەوی رابردوو ژمارەیەکی زۆر سەربازی ئەمریکیو بەریتانی لەفڕۆکەخانەی (بامەڕنێ) ی سەربەشاری دهۆكو فڕۆکەخانەی (هەریر)و فڕۆکەخانەی(عەینکاوە)ی سەربەشاری هەولێر دابەزینو بەگوێرەی هێندێك سەرچاوەی ئاگادار تێکڕای ژمارەی سەربازە ئەمریکیو بەریتانییەکان کە شەوی رابردوولەوهەرسێ فڕۆکەخانەیە دابەزیون لە٢٠٠٠سەرباز زیاترە .سەرچاوەیەك لەشارۆچکەی عەینکاوە وە پێیڕاگەیاندین کە دوێنێ (٢٠٠٣/٣/٢٦) قوتابخانەکانی عەینکاوە ئامادەکرانو دوای ئەوەی سەربازە کان شەوی رابردوو لەفڕۆکەخانەی عەینکاوە دابەزین یەکسەر بردرانە ئەو

قوتابخانانه .لەکاتی دابەزینی سەربازەکانیش دا کارەبای هەردوو شارۆچکەی هەریرو عەینکاوە کوژێندرایەوە .

شایانی باسە بە پێی هەواڵێکی (stev NettIeton) پەیامنێری تەلەفزیۆنی CNN ی ئەمریکی ئەو سەربازانە لەئیتاڵیاوە بەفرۆکە هێندراونەتە باشووری کوردستان و چەکی قورسیش دابەزێندراوەو ، هەروەها جەنەڕالی سەربازی ئەمریکی هێنری پیت ئۆسمان دوێنێ ٢٠٠٣/٣/٢٦ لەهەولێر کۆبوونەیەکی لەگەڵ بەرپرسە سیاسیو سەربازییەکانی کورد دا ئە نجامداوە .

# ٢٠٠٠سەربازی ئەمریکی وبەریتانی لەفرۆکەخانەی بەکرەجۆ دابەزین

**سلێمانی ٢٠٠٣/٣/٢٧** سەرچاوەیەکی نزیك لەفەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ( میدیا )ی ڕاگەیاند کە شەوی ڕابردوو ( ٢٦ لەسەر ٢٠٠٣/٣/٢٧ ) دوو هەزارسەربازی ئەمریکیو بەریتانی لەفرۆکەخانەی بەکرەجۆ دابەزین ،وێڕای ژمارەیەك تانكو دەبابەی پێشکەوتوو .

بە پێی هەمان سەرچاوە بەهاتنی ئەو ٢٠٠٠ سەربازە ژمارەی سەربازە ئەمریکیو بەریتانییەکان لە سلێمانی گەیشتە نزیکەی ٣٠٠٠ سەرباز .هەروەها ئەوە ماوەیەکە (٤) هەلیکۆپتەریش بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەفرۆکەخانەی بەکرەجۆ نیشتونەتەوەو ,ژمارەیەکی بەرچاو لەئەفسەرو هێزی مارینزی ئەمریکی هاوشان لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیلەبەرەکانی پێشەوەدان لەبەرامبەر هێزەکانی ئەنسارولئیسلام دا .

<u>**بە پێی دەنگۆیەك**</u>

# خەزرەجی هاتۆتە شاری کۆیە

دوای ئەوەی نزار خەزرەجی تاوانبار ڕۆژی ١٧-٣-٢٠٠٣ بەشێوەیەکی کتوپڕ لە ولاتی دانیمارکدا ونبوو,دەنگۆیەیەکی زۆر بلاوبووەوە کە لە لایەن ئەمریکییەکانەوە هێنرابێتە کەنداو بۆ یارمەرتیدانیان لە شەرەکەیان دژی رژێمی سەددام.

بەگوێرەی یەکێك لەو دەنگۆیانە خەزرەجی ئێستا لە شاری کۆیە ,بەلاّم تا ئێستا ئەو هەواڵ و دەنگۆیە لە لایەن هیچ لایەکی بەرپرسەوە پشت ڕاست نەکراوەتەوە.بەلاّم ڕۆژنامەی ( ئەفتۆن بلادیت )ی سوێدی لە چوارچێوەی بابەتێکی درێژیدا,کە پوختەیەکی لەلایەن کاوە ئەمینەوە کراوەتە کوردی و لە کوردستان

نێتدا بلاْوكراوەتەوە, لەبارەی خەزرەجییەوە نووسیویەتی كە قسەكەرێكی كۆنگرەی نیيشتیمانی عێراقی پێیراگەیاندووە كە خەزرەجی بە یارمەتی سعودیەو لایەنە عێراقییەكان و CIA ,هێنراوەتە كوردستان و ئێستا لە كوردستانە. لە بەشێكی بابەتەكەی ئەفتۆن بلادیت دا هاتووە :( دەوترێت كە خەزرەجی سەركردایەتی كەمپانیایەكی خوێناوی و وەحشیانەی كردووە دژی كورد لە ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٨,كەتیایدا ٢٠٠ هەزاركورد لە ناوبرا,ناسراوترینیان كیمیابارانكردنی شاری هەڵە بجە بوو كە وێنەی سەدەها ژن و منداڵی كوژراوی دنیایان هەژاند.بۆیە ئێستا كە سەركردە كوردەكان یارمەتی خەزرەجی دەدەن مەتەڵێكە بۆخۆی ).

لە لایەكی دیكەوە وەزیری دادی دانیماركی دوای نەمانی خەزرەجی لە دانیمارك رایگەیاند :( ئێمە ئێستا بە دوای خەزرەجی دا دەگەڕێین و لە هەر شوێنێكی دنیادا دەربكەوێ داوای دەكەین بیگێڕنەوە بۆمان تا دادگایی بكرێ و بیخەینە زیندانەوە ) هەروەها سەرۆكی نووسینگەی تایبەتی كاروباری سزای نێودەولەتی لە دانیمارك گوتی كە ئەوان یادداشتێكیان داوەتە پۆلیسی نێودەوڵەتی كە خەزرەجی دەستگیر بكەن و بیگێڕنەوە دانیمارك.

# خۆتەقاندنەوە تیرۆریستییەكەی بازگەی (گردی گۆ ) لەلایەن گەنجێكی سعودییەوە ئەنجامدراوە

بە پێی هەواڵێك كە شەوی ٢٧-٣\٢٨ لە ماڵپەری ئیلاف بلاوكرایەوە,( عەبدولعەزیز سعود ئەلغەربی ) هێرشە خۆكوژییە تیرۆریستییەكەی رۆژی ٢٢-٣-٢٠٠٣ی بازگەی گردی گۆ ی نزیك پردی زەڵمی سەربە ناوچەی هەڵە بجەی ئە نجامداوە.ئەو هێرشە تیرۆریستییە كە بووە هۆی كوژرانی رۆژنامەڤانی ئوستورالی ( پۆل موران )و دوو پێشمەرگە و هاولاتییەك لە لایەن ئەنسارولئیسلا مەوە تەبەننی كرا.

باوك و كوڕە مامی عەبدولعەزیز سعودیش ئەوەیان پشت راستكردووە كە عەبدولعەزیز ئەو كارەی كردووە.بەگوێرەی گوتەی كوڕەمامەكەی عەبدوولعەزیزی تەمەن ٢٢ ساڵ دوای تەواكردنی زانكۆ لە سعودیە یەكسەر لە مانگی ئوكتۆبەری رابردوودا پەیوەندی بە گروپی ئەنسارولئیسلامەوە كردووە.

# هێزەكانی پارتیو یەكێتی تێكەڵ ناكرێن

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (میدیا) ی راگەیاند کەسەرکردایەتی هاوبەشی پارتیو یەکێتی بڕیاری داوە کەهێزەکانی پارتیو یەکێتی هەریەکە لەناوچەکانی خۆیانەوە بەشداری شەڕ بکەن ،بەلاّم لەمیحوەرەکانی ناوچەکانی ژێردەسەلاّتی پارتی جێگری بەرپرسی میحوەرەکان بریتیدەبیّ لەبەرپرسێکی سوپایی یەکێتیو بەهەمان شێوە لەناوچەکانی ژێردەسەلاّتی یەکێتی جێگری بەرپرسی میحوەرەکان بریتیدەبیّ لەبەرپرسێکی سوپایی پارتی .
شایانی باسە ماوەیەکبوو گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرا کەهێزەکانی هەردوولا تێکەلّ بکرێن ، بەشێوەیەك کەبەشێك لەهێزەکانی پارتی بچنە میحوەرەکانی ناوچەی ژێردەسەلاّتی یەکێتی بە پێچەوانەشەوە .

# پێگەیکی سەربازی رژێم لەلایەن پێشمەرگەوە دەگیرێت

**بە پێی هەواڵێکی پەیامنێری AFP پێگەیەکی سەربازی رژێم ئەمرۆ(٢٧-٣) لە ناوچەی چەمچەماڵ لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستی بەسەرداگیرا و پەیامنێرەکە بە خۆی شاهیدی ئازادکردنی ئەو شوێنە بووە.**

## <u>لەمیحوەری گوێڕو کەلّەك</u>

# ژمارەیەکی زۆری سەرباز تەسلیمی پێشمەرگە دەبن

**هەولێر٢٧-٣-٢٠٠٣\ پێش نیوەڕۆی ئەمرۆ ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی رژێم لە هەردوو فەوجە سەربازەییەی کە لەگوندی (لاجان و شەمامەر)ی سەربە ناحیەی گوێڕ جێگیرن خۆیاندا دەست هێزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان .هەرچەندە ژمارەی سەربازەکان نەزانراوە ,بەلاّم بەگوێرەی قسەی ئەوانی کە ئەوسەربازە تەسلیمبووانەیان دیتبوو ژمارەکەیان زۆربووەو بەدوو لۆری گەورە لە بازگەی گوێڕەوە گوازراونەتەوە هەولێر.لەلایەکی دیکەوە هەر ئەمرۆ لە میحوەری کەلّەك ١٥ سەربازی خۆیان تەسلیمی هێزەکانی پێشمەرگە کرد.**

# ئامر مەفرەزەیەكی كوردی سەربە رژێم سەربازە هەلاٌتووەكان گوولەباران دەكات

گوێڕ٢٧-٣٢٠٠٣\ ( وەهاب عەیشێ )ی ئامر مەفرەزەی سەربە رژێم كە خەلكی گوندی گوندی شەمامەرە,ئەمڕۆ لە تاوانێكی نامرۆڤانە و چلكاوخۆرانەدا ژمارەیەك لەو سەربازانەی گوللە بارانكردبوو كە هەوڵیاندەدا خۆیان بگەیێننە ناو هێزەكانی پێشمەرگەو تەسلیم بن.

شایانی باسە كە ئەوتاوانبارە بەخۆی چەكدارەكانی و بە ئۆتۆمبیاێكی دۆشكە لەسەربەستراو دەكوتە دوای ئەو سەربازە راكردووانە.

# رژێم دیكۆمێنتە گرنگەكانی لەهەردوو شاری كەركوك و موسڵ دەگوازێتەوە بەغدا

كەركووك٢٧/٣/٢٠٠٣\ لەماوەی هەفتەی رابردوودا رژێمی داگیركەری عێراقی دۆسیەوبەڵگەنامەو كەلوپەلە گرنگەكانی دەزگا حكومیەكان و بەڵگەنامە سەربازیو حیزبیەكانی لەهەردووشاری كەركوك موسل گواستەوە شاری بەغدا ,بەهۆی مەترسی زوو لەدەستچوونی ئەو دووشارەو ,بۆ ئەوەی وەكو ساڵی ١٩٩١ ئەو بەڵگەنامانە نەكەونەدەست جەماوەر و هێزە رزگاركەرەكانی ئەودووشارە .

شایانی باسە لەرا پەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ دا ١٤ تۆن بەڵگەنامە كەوتەدەست حیزبە كوردستانییەكان كە دواتر هەرهەموویان گواسترانەوە بۆ ئەمریكا .

# ئەمریكا یەكێتی ئاگاداردەكاتەوە كەنەچێتە شوێنە بۆردوومانكراوەكانی ئەنسارولئیسلام

**سلێمانی٢٠٠٣/٣/٢٧\ بە پێی سەرچاوەیەکی نزیك لەفەرماندەیی هێزیپێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ،ئەمریکییەکان یەکێتیان ئاگادارکردۆتەوە کە پێشرەوی نەکا و هێزەکانی نەنێرێتە ئەو شوێنانەی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بۆردوومانەدەکرێ تاوەکو نەکەونە بەر بۆردوومانی ئەمریکییەکان, لەلایەکی دیکەوە رۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٦سێ جار بنکەکانی ئەنساروئیسلام لەلایەن ئەمریکاوە موشەك باران کران و شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ بۆماوەی سێ کاتژمێر وئەمڕۆش دووجار بۆردوومانکرانەوە.**

# ئەحمەد چەلەبی :

# هاوپەیمانەکان تائێستا رۆلێکی زۆر کەمیان بەئۆپۆزسیۆن داوە لەو شەڕەدا

**ئەحمەد چەلەبی ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (دەیلی تیلیگراف )ی بەریتانیادا کەلەشارۆچکەی دۆکان لەگەڵیدا سازکراوەو رۆژی ٣/٢٧ بلاو کراوەتەوە , سەبارەت بەوەی کەئیدارەی عێراق بەشێوەیەکی کاتی دوای رووخانی سەددام بدرێتەدەست UNدەڵێ, ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی بنبڕ ئەوە رەتدەکاتەوە چونکە( UNلاوازەو توانایەکی ئەوتۆی نییە کەبتوانێ پاشماوەو کاریگەریەکانی بەعس و لەنێوبردنی چەکەکۆکوژەکان و لێکهەڵوەشاندنەوەی دەزگا ئەمنییەکانی سەددام حسێن ئەنجام بدات ) ،هەروەها گوتی لەئەنجامی کارکردنی بێسەروبەری UNلەعێراقدا گەلی عێراق بڕوای بە UNنەماوە .لەهەمانکاتدا هیوای خواست کەهێزە ئەمریکیو بەریتانییەکان تاوەکو ئەنجامدانی ریفراندۆمێك و هەڵبژاردن بمێننەوەو عێراق بەجێنەهێڵن.**

**لەلایەکی دیکە چەلەبی گوتی: ئۆپۆزسیۆن پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ جەماوەری ناوچەکانی ژێردەسەلاتی سەددام دا هەیە و لەئەنجامی ئەو پەیوەندیانەدا سێشەممەی رابردوو را پەڕینێکی جەماوەری لەبەسرا رویدا کەلەلایەن هێزەکانی سەددامەوە سەرکوت کرا .هەروەها گوتی ئێمە دەتوانین زانیاری زۆر زیندوو گرنگ بدەینە هێزە هاوپەیمانەکان. هەروەها گوتی (تەنیا ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ گەلی عێراق هانبدات وگۆشبکات, بەلام تاوەکو ئێستا تەنیا رۆلێکی کەم بەئێمە دراوە هەرلەبەرئەوەشەکە هاوپەیمانەکان نەیانتوانیوە متمانەی گەلی عێراق بەدەست بێنن ).چەلەبی لەو بڕوایەدایە کەهاوپەیمانەکان لەبەر سێهۆ هانی را پەڕینی جەماوەری نادەن :(کاری خراپی سیخوری ،مەترسیان**

**لەوهێزەسیاسیانەی نوێنەرایەتی گەلی عێراق دەکەن ،ئارەزووی هاوپەیمانەکان بۆ نەخشەکێشانی ئایندەی عێراق بەبێ بەشداری ئۆپۆزسیۆن ).**

**هەرلەو هەڤپەیڤینەدا چەلەبی گوتی:( کەئامادەکارییەکی تەواو هەیە کەبەزوترین کات بەرەیەکی دیکەی شەڕ لەباکوری عێراقدا بکرێتەوە). هەروەها گوتی ئەمریکییەکان وازیان لەبیرۆکەی دانانی فەرمانداری سەربازی هێناوە.**

# دوای بۆردوومانکردنی بنکەکاکانی کۆمەڵی ئیسلامی

# ڕۆژنامەیەکی سعودی بەتوندی

# هێرش دەکاتە سەر ئەمریکا

**دوای ئەوەی نیوەشەوی ٢١-٣-٢٠٠٣ بنکەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەنسارولئیسلام لەلایەن ئەمریکاوە بەمووشەکی تۆماهۆك و کرووز بۆردوومانکران,مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لە بەیاننامەیکی هەڕەشە ئامێزدا لە ڕۆژی ٢٢-٣-٢٠٠٣ رایگەیاند:(ئێمە لە کۆمەڵی ئیسلامی ئەم کارە وا دەبینین کەوا لە دوو حاڵەت بەدەر نییە,یا بە هۆی ئەو زانیاریە هەڵانەوەیە کەوایەکێتی داویەتی بەئەمریکییەکان یان بۆمبارانکردنی ئەمەریکییەکانە بۆ بنکەو بارەگاکانمان بێ هیچ هۆکارێك ,کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەم ڕووداووەو ئەوەشی کەلە دوارۆژدا ڕوودەدات دەخەینە ئەستۆی یەکێتی و ئەمریکییەکان و پێیان دەڵێین کۆمەڵی ئیسلامی گەورەترو سەربەرزترە لەوەی ستەم قبوڵ بکات).**

**دوای ئەوەش ڕۆژی ٢٣-٣-٢٠٠٣ مەڵبەندی هەولێری کۆمەڵی ئیسلامی بانگهێشتی ئاراستەی هەموو حیزبە کوردستانییەکان کرد بۆ کۆبوونەوە لە بارەگاکەیان لەسەر ئەو مەسەلەیە,بەڵام تەنیا پێنج حیزبی کوردستانی بەدەم بانگهێشتەکەیانەوە چووبوون و, ئەو پێنج حیزبەش لەسەر ئەو پێشنیارەی کۆمەڵی ئیسلامی رازینەببوون کەبەیاننامەیەکی ئیدانەکردن لەوبارەیەوە دەربکەن.**

**لەلایەکی دیکەوە ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕۆژنامەی(ãØæäá)ی سعودی کەبە گەورەترین ڕۆژنامەی دەسەلاتداریتی سعودیە دادەنرێ,بە هۆی ئەو بۆردوومانەوە لە سەروتاری ڕۆژی ٢٤-٣-٢٠٠٣ دا زۆر بەتوندی ڕەخنەی لە ئەمریکا گرتووو بەزمانێکی زۆر توند هێرشی کردووەتە سەر ئەمریکا.**

**بەلام ئێستا تارادەیەك بارودۆخی نێوان کۆمەڵ و یەکێتی بەرەو هێوربوونەوە دەچێ بەتایبەتی دوای ئەو ڕێککەوتنە تازەیەی کە لەنێوان هەردوولادا مۆرکرا,وئێستا کۆمەڵی ئیسلامی پەیتا پەیتا دەگەڕێتەوە نێو بارەگاکانی لە سلێمانی و هێزەکانی خۆی لەشوێنە نزیکەکانی ئەنسارولئیسلام دوورخستۆتەوەو بە هەموو شێوەیەك ڕێگەی لە بەردەم چوونە پێشی هێزەکانی یەکێتی دا کردۆتەوە.**

# هەوڵەکان بەردەوامن بۆ هێنانی بەنزین لە ئێران

چۆمان٢٦-٣-٢٠٠٣\سەرچاوەیەکی ئاگادار پێی راگەیاندین کە حکومەتی کوردستان و ئێرانگەیشتونەتە رێکەوتنێك بۆ هێنانی بەنزین لە ئێرانەوە بۆ باشووری کوردستان,ئەوەش دوای چەند دانیشتنێکی نێوان عەبدولواحید گوانی قایمقامی قەزای چۆمان و کاربەدەستانی ئێرانی.بە گوێرەی هەمان سەرچاوە بەنزینەکە بەدەبەی کەپسی ٢٠ لیتری دەهێندرێ و هەر دەبەی بە ٢٠ دینار لە بازاڕەکانی باشووری کوردستاندا دەفرۆشرێ.شایانی باسە بەهۆی بڕینی بەشە بەنزینی کوردستانی ئازاد لەلایەن رژێی عێراقییەوە نرخی ١ لیتر بەنزین بووەتە ٣ دینار لە شارەکانی کوردستانی ئازاددا.

# ١٤٥٠ماڵە ئاوارە ئێستا لە رواندز دەژین

سۆران٢٧-٣-٢٠٠٣\شارەوانی رواندز پێیڕاگەیاندین راگەیاندین کە لەئە نجامی ئو سەرژمێریەی دوێنێ و ئەمڕۆ لە شاری رواندز ئە نجامیانداوە دەرکەوتووە کە,١٤٥٠ ماڵ کە لە ٩٠٠٠ کەس پێکهاتووە لەشاری هەولێر و شوێنەکانی دیکە لە ترسی شەڕ و چەکە کۆکوژەکانی سەددام روویانکردۆتە شاری رواندز و ئێستا لەوێ دەژین. هەروەها شارەوانی رواندز پێیڕاگەیاندین کەئەوان تونیویانە بە هاوکاری خەلکی شار و دەزگا ئیدارییەکان جێگەی حەوانەوە بۆ هەموو خەڵکەکە بکەنەوەو ,بەیارمەتی رێکخراوە بیانییەکانیش تارادەیەکی باش یارمەتییان بدەن.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار پێیڕاگەیاندین کە لەوەتەی دەستپێکی شەڕ تاوەکو ئێستا ٧٤ ماڵ لەکەرکووکەوە روویانکردۆتە دەڤەری سۆران.